# سەرۆكمان زێڕە ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

**قوربانی ناعەدالەت بین باشترە لەوەی خۆمان ناعادل بین..     سوقرات**

ووشەو زاراوەو میتافۆری سەرۆك لە وولاتی ئێمەو كولتورە رۆژهەلاتیەكەماندا ئەوەندە بارگاوییە بە موقەدەس و پیرۆزی تا ئەو ئاستەی كە هەركەس بوویە سەرۆك ئەوا بێگوناه و مەعسومە هاوشێوەی پەیامبەر و پیاوە ئەولیاو رۆحانیەكان و خێرا قوتابخانەیەكی بۆ دروست ئەكەن بۆ بە ئەفسانەكردنی سەرۆك و ئەیكەنە هەڵاو رووتی ئەكەنەوە لە هەر سیفاتێكی ئینسانی و هەمووشمان مێژووی سەرۆكەكانی جیهانی سێ و عەرەب و رۆژهەڵاتمان دەرخە، سەرۆكی فەرماندەو سەرۆكی خاكی و سەرۆكی ئەفسانەیی و عاهل وفەخامەو مەلیك و ئەمیروئومەراو وای لێ دێت بەناویەوە دروشم بوترێت و قسە و گوتەزاكانی هەڵبواسرێت و بچوێنرێت بە مەسیح و پێغەمبەر وەك چۆن سەدام 35 ساڵ ئەم جۆرە ئاینەی بلاوكردەوە.

سەركردە شۆرشگێرەكانی دوێنێ كە بە ئاوی مەتارەی شاخ و مەمكی كانیاوەكانی لادێ گەورەبوون قورسایی و رێزی تایبەتیان هەیەو بەسەرۆكبونیان ئەو رێزەیان زیاد ناكات ئەگەر خاوەنی تازەگەری و خزمەت و پرۆژەی وەكیەكی هاوولاتیانی خۆیان نەبن، رەنگە وێسگەكە وەكو وێسگەی حیزب نەبێت بەڵكو حەساسیەتێكی تایبەتی هەبێت و برێكی زیاتر حیكمەت و ووردبینی  بوێت لە ئۆرگانە حیزبیەكە و هەر لەحزەیەكیش دەبێت سنگ فراوان بێت بۆ رەخنەو گازندای هاوولاتیان و پەرە بەدەزگای مۆدێرن و نوێ بدرێت تا لێپێچینەوە بكات لە پەروەندەو باخەڵی لێپرسراوان و گەندەڵیەكان كەم بكاتەوە خێراش لیژنەی بەدواداچوون و نەزاهەت هاوشێوەی بەغدا دروست بكرێت، بەحوكمی ئەوەی كە یەكەمین هەوڵە بۆ بە یاساییكردن قەوارەی سیاسی كوردیی.

ناكرێت  لەم سەرەتای بەسەرۆكبونەیاندا ئەو شوێنپێیانە هەڵبگرن و رازی بن بە پیاهەڵدان، كورد لە دەورانی رێگایەكی سەختدایە ئەویش چەسپاندنی مافەكانیەتی لە دەستورێكی هەمیشەییدا كە هیچ هێزو گروپێكی غەیرەكورد نەتوانێ جارێكی تر پێشێلی موقەدەسات و كەرامەتی نەتەوەیی بكات، پێویستە ئێمەی كورد لەبری ئەو ئەدائە  تاكسەرۆكی و تاكپەرستیەی رابردوودا  رێگەچارەیەك بدۆزینەوە كە ژیانی سیاسیمان بكاتە پرۆژەو بكاتە گوتار لەبەرانبەر دوژمنێكدا كە بەردەوام دەموچاوەكانی خۆیمان لێ ئەگۆرێت و بە تاكتیكەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەكات.

ئینشائەڵا تەمەنی ئەوانەی ئێمە درێژ ئەبێت بەڵام سەرۆك بۆ هیچ میللەتێك نەماوەتەوەو ناشمێنێتەوەو دیاردەیەكی عاتیفی و زاهیری و راگوزەریانەی هەر میللەتێكە، بەڵام ئەوە گوتارو ئەجێندای نەتەوەیە كە نامرێت و هەر ئەمێنێت، ئەگەر ستراتیج و ئیجماعی میللیانەی لەسەر بێت ئەوا زەمكان ناخوێنێتەوەو وەك پرەنسیپی گشتی و ئەحكامی كارپێكراو نەوە دوای نەوە پارێزراو ئەبێت، ئێمە سەرۆك و سەركردەی خۆمان خۆش ئەوێت با ئەوانیش لە بەرانبەر ئەم پێدانی خۆشەویستیە و ئەم جۆش و خرۆشی بەسەرۆكبونەی ئەواندا رێز لە مافەكانمان بگرن و پشتگوێی داواكانی هاوڵاتیان نەكەن و كەمێك لەو ئەتەكێتە بێنەدەرو كەم شوراو پرسگەی عەسكەرتاریەت و جامی تاریك بكەنە ئەفسانەی بینینیان، دەشێت بەم كارە رەمزیەتێكی ترو قورساییەكی تری نەتەوەیی بۆ خۆیان دروست بكەن بەڵام ئەگەر سەرۆك بەسەرۆك بێت و هەمان میراتی 50 بە50 بێت و پەیمانی تەوزیعاتی دەسكەوت و پۆستەكان بێت ئەی وەی بەحاڵمان.

لەم سەرەتای سەۆكبونەماندا لە عیراق كە خاوەنی دوو سەرۆكین یەكێكیان (مام) سەرۆك كۆمارو ئەوی تریان (كاك) سەرۆكی هەرێم هیچ موزایەدە هەڵناگرێت ئەگەر موتاجەرەی پێوە نەكەین، كە بەرزترین هەرەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی و قانونیانەی كوردە، باچەپڵەو ئاهەنگ گێژمان نەكات و پرۆسەی سیاسیمان نەوە ستێنێت وەك چۆن لە چەند مانگی رابردوودا بۆ یاسای سەرۆكایەتی هەرێم بینیمان، ئەبێت كولتوری چەپڵە لێدان بگۆرین لە تەكنیكی كەفوكوڵێكی تاكئایدۆلۆژی و تاكحزبیەوە بەرەو ستراتیجی پرۆژەی رەخنەگرانە بەو شێوەیەی كە سەرۆك بۆی نییە ئیدی بەتەنها بەناوی حیزبەكەی خۆیەوە قسە بكات ئەوەندەی دەبێت هەر تاكێكی ئەم كۆمەڵگایە بە یەك چاو سەیر بكات و خاوەنداریێتی ئەو كەسایەتیانەش نابێت لەو قاڵبە ئایدۆلۆژیە بەرتەسكە دا بمێنێتەوە، درێژەپێدانی ژیانی سەرۆك لە مەكتەب سیاسی حیزبی بەرەو ئۆفیسی دەوڵەتیانە و دامودەزگایی ئەبێت لەگەڵ خۆیدا گوتارێكی تازە بەرهەم بهێنێت كەگوتاری دەستاودەستكردنی دەسەڵات و شەفافیەتی مامەڵەو رەخنەگرتنە،  ئێستازۆرگرنگە ئیتر بزانین ماناكانی زێڕ بۆ سەرۆك چیەو چۆن ئەم میتافۆرە زمانیە لە رابردوی دكتاتۆری و ستەمكاریی سەدامدا چۆن بەكار ئەهات سەرەنجام ئەو سەرۆكە گرگن و كوردكوژو سادیزمەی كە هەموو تەمەنی سەرۆكایەتیەكەی لە كۆشكەكانی بەغدا و شاشەكانی تەلەفزیۆندا بە چەپڵە رێزان و زەردەخەنەی درۆ كۆتاییپێهێنا تا ئەو سجنەی كە هەمومان وێنەكەیمان بینی كە ئەو سەرۆكە بەناو زێڕە ؟! چۆن جلەكانی خۆی ئەشوات و لە سەرەتاكانی دەركەوتنیشیدا پاش ئەحمەد حەسەن بەكری سەرۆكی پێشوو چۆن بەو غروروعوجبە گەورەو بە چروتێكەوە خۆی نمایشكردو بوە دێوەزمەی سەر شانی عیراقیەكان و سەدان وێنەیان بەرزكردەوەو سەدان گۆرانی سەرۆكمان زێڕەیان ئەگوت بەباڵایداو دوایی دەركەوت نەك زێڕنیە بەڵكو سوكترین مەعدەنی سەر ئەم زەمینەیە، بۆ كوردیش حەقە كولتورێكی تازەی سەرۆكایەتی بەرهەم بهێنێ جیاواز لەو كولتورەی عیراقی رابردوو چونكە وەك سەڵاحودینی موهتەدی لە كوردستانی نوێدا ووتی ئەمە میراتی خەباتی شۆرشگێرانەو رزگاریخوازانەی چەندین نەسل و نەوەیە..